# پەرەگرتنی ئێعدام و سەرکوت لە ئێران نیشانەی داماویی دەسەڵاتی ئاخوندیە



ئەوە ئاشکرایە کە ئاخوندانی ملهور و دواکەوتوو لە سەرەتای دەست گرتنیان بە سەر دەسەڵاتی ئێران. لە هیچ نەوعە ستەم و بێ عەداڵەتێك بەرانبەر بە خەڵکی ئێران و ئازادیخوازان خۆیان نەپاراستوە.

ئێعدامی زیاتر لە سەد هەزار لاو و پیری شۆرشگێڕ و بێ تاوانی ئێرانی و کوردستان و سەرکوتی بێ بەزەییانەی نەتەوەکان و خاوەن باوەڕانی ئایین و مەزهەبەکانی بەوپەڕی بێ رەحمی درێژە پێ داوە. هەر بە هۆی ئەو سەرکوت و ئەو ستەمانە لە بەرانبەر خەڵکی بێ تاوان، زیاتر لە پەنجار لەلایەن رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان مەحکوم کراوە.

دیارە ناتواندرێ ماوەی نزیك بە سی ساڵ دەسەڵاتداری ئاخوندی دابەش بکرێ بە سەر قۆناغ و دەوری جیاوازدا کە تیایدا قۆناغێك و دەورەیێك بە باشتر لە دەورەیێکی دیکە لە پێوەند بە پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەسیە نەتەوەییەکان بخەینە بەر چاو. رەنگە هێندێك جار و چەند مانگێك بە مەبەستی فریوی خەڵك و چاوبەستنی کۆمەڵگەی جیهانی بەناو هەل و مەرجێکی ئازاد راگەێندرا بێ، بەتایبەت ئەو ماوەیەی کە خاتەمی لە سەرکار بوو، چەندین دروشمی زریقە و بریقەدار بەرز کرانەوە کە بە ناو قسە لە ئازادی دەکرا. بەڵام خاتەمی و دەوڵەتەکەی، لە سەرکوت و ئازاردانی خوێندکاران و لاوان و چین و توێژەکانی خەڵك سوور بوون کە سەرکوتی خوێندکاران و دانشجوەکان لە بەر دانشگای تاران لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٦، نمونەیێکی دیار و بەرچاوی بێ رەحمی ئەو حکومەتە بە ناو ئاڵوگۆڕخوازە بوو. وەك پێشتر باسمان کرد ناتواندرێ سەرکوت و بێرەحمی دەسەڵاتداری ئاخوندی بە سەر چەند دەورەی باشی و خراپدا دابەش بکرێ، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە ستەم لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا لە ئێران بە ڕادەیێك بەرین و هەمەلایەنە بۆتەوە کە تەنگی بە خەڵك هەڵچنیوە.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد سەرکوتی ئازادیخوازان و چین وتووێژەکانی خەڵکی کردۆتە کاری سەرەکی و بنەڕەتی دەسەڵاتەکەی، بەو مەبەستەش چەندین بەرنامەی توندی سەرکوتی خەڵك و ئازادیخوازانی دارشتوە.

ئێعدامی بە پەلەی دەیان شۆرشگێڕ، هەروەها ئێعدامی ژمارەیێکی بەرچاو لە ژن و پیاو بە تاوانی ئەنجام دانی قەتڵ و گرتنی سەدان دانشجو و خوێندکار لە شارە جیاجیاکانی ئێران، دەرخەری ئەو راستیەن کە دەسەڵاتی ئاخوندی بەرنامەی بنەڕەتی و سەرەکی پەرەپێدانی ستەم و بێعداڵەتیە.

دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و باقی مۆرەکانی دەسەڵات هەرکام بە بەرنامە و پیلانی جیاجیا، پێ لە سەر پەرەپێدانی ستەم دادەگرن. ئاخوند دوری نەجەف ئابادی لەو پێوەندیەدا باسی لە گەڵاڵەی سەرکوت لە ژێر ناوی بەرز بوونەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کرد و گوتی بە هەوڵەکانی هێزە ئینتزامیەکان لە ساڵی داهاتوودا شاهیدی هەل و مەرجی ئەمنیەتی باشتر دەبین. هەروەها پاسدار ڕادان بەرپرسی هێزی ئینتزامی تاران باس لە گەڕانی نهێنی هێزەکانیان و زیاتر بوونی دەستە ئاشکراکانی هێزی ئینتزامی لە شەقام و شوێنە گشتیەکان کرد و گوتی جل و بەرگی خراپی پیاوان دەخرێتە سەر سایتەکان کە ئەوە یەکێکە لە کێشەکانی شاهرودی سەرۆکی بەشی قەزایی رژیمە. هەر لە پێوەند بە پەرە پێدانی سەرکوت، رۆژنامەی ئیعتماد لە ژمارەی رۆژی شەممە ١١ی جۆزەردانی بڵاوی کردەوە، کە لە رۆژی ١٥ی جۆزەردانی ئەمساڵ تێکڕای ئۆتومبیلە نەفەر هەڵگرەکان لە سەریانە، کەسانێك پۆشینی ئیسلامیان لە بەردا نەبێ سوار نەکەن. بەو پێ یە راننده تاکسی و نەفەر هەڵگرەکان بە زۆر دەکرێن بە مەئموری رژیم بۆ سەرکوتی خەڵك. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا ئەو راننده تاکسیانە هەموویان شارەزاییان لە سەر پۆششی ئیسلامی، ئەو شێوەی ئاخوندان مەبەستیانە هەیە یان ئەوانیش هەر کام بە سەلیقە و کەیفی خۆی بڕیار دەدەن.

پاسدار ڕەجەب زادە بەرپرسی هێزی ئینتزامی رژیم دەست پێکردنی گەڵاڵە سەرکوتگەرانەی بە ناو بەرز کردنەوەی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی راگەیاند و گوتی لەم گەڵاڵەدا ئەو جێگانەی شوێنی کۆبوونەوەی لات و بەرەڵاکانن پاك دەکرێتەوە و، شوێنە گشتیەکان پاك دەکرینەوە و ئەو گەڵاڵە تا کۆتایی ئەمساڵ درێژەی دەبێ.

لە پێوەند بە سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵکی ئێران، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٨ نووسی، بەرپرسانی رژیمی ئێران درێژە بە سەرکوتی موخالفەکانیان دەدەن.

ئەو رێکخراوە لە ڕاپۆرتەکەیدا بڵاوی کردەوە رژیمی ئێران، رۆژنامە نووسان، نووسەران، دانشمەند و بیرمەندان، ژنان و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵگای کردۆتە ئامانج و زیندانیان دەکا و رێگە لە سەفەر کردنیان دەگرێ. جیاوازی دانان لە بەرانبەر ژنان چ لە ژێر ناوی قانوون و چ بە کردەوە بەرێوە دەچێ.

لە درێژەی ڕاپۆرتی رێکخراوی لێبوردنی جیهانیدا هاتووە، رێپێوان و تەزاهووراتی خەڵك هێرشی دەکرێتە سەر و خەڵك دەگیرێن و لە دادگای غەیرە عادڵانە، سزای قورسیان بە سەردا دەدرێ.

بەڵێ سەرکوت و چەوسانەوەی خەڵکی ئێران لە ماوەی ٣٠ ساڵ حکومەتی ویلایەتی فەقیە، ریشەی داکوتاوە و کاری سەرەکی دەسەڵاتداران بووە کە لەم چەند مانگەدا، سەرکوت و ئێعدام هەڕەشە و تۆقاندن هەموو سنوورەکانی تێ پەڕاندوە.

بێ گومان ئەو سەرکوتە بێ بەزەییانەی خەڵك دەرخەری نائومێدی و بێ هیوایی کار بە دەستانی رژیم و ترسی قوڵیان لە ڕاپەرین و ئیعترازاتی جەماوەری ئەو تۆیە کە دەبێتە هۆی لە ناوچوون و رووخانی دەسەڵاتەکەیان.

***

# نیگەرانیی پارلمانی ئوروپا لە زیاد بوونی ئێعدام و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە ئێران





رۆژی ٥ شەممە ٢٤ی ئاوریل پارلمانی ئوروپا بە پەسەند کردنی بڕیارنامەیێك، فشار بۆ سەر تێکۆشەرانی مافی مەدەنی لە ئێران مەحکوم کرد. پارلمانی ئوروپا هەروەها لە زیاد بوونی ئێعدامەکان لە ئێران نێگەرانی دەربڕی. لە بڕیارنامەی خۆیدا داوای لە رژیمی ئاخوندی کردوە کە دەرکردنی حوکمی ئێعدام لە ئێران ڕابگرێ. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣وە بەدوای بەڵێنێکی لێپرسراوانی بەشی قەزائیەی رژیمی ئاخوندی بە لێپرسراوانی ئوروپایی، دەرکردنی حوکمی بەردەباران لەگەڵ بەخشنامەیێك لەلایەن سەرۆکی قوەی قەزائیەی رژیمی ئاخوندی ڕاگیرا.

بەڵام لە بەهاری ساڵی ١٣٨٥ دا بە بەردەباران کردنی دوو کەس لە مەشهەد و نەفەرێك لە تاکستانی قەزوین، سزای بەردەباران جارێکی دیکە دەستی پێ کردەوە. دامەزراوە نێو نەتەوەییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەڵێن: هەر ئێستا لە ئێران زیاتر لە ١٠ کەس بە بەردەباران مەحکوم بوون کە زۆربەیان ژنن و مەرگ چاوەڕێیان دەکا. نوێنەرانی پارلمانی ئوروپا لەوەی رژیمی ئاخوندی خاوەنی بەرزترین رێژەی ئێعدامی مێرمنداڵان لە جیهانە، نیگەرانیان دەربڕی. رێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەڵێن: لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەلانی کەمەوە ١٧ لاو لە ئێران ئێعدام کراون کە لە کاتی ئەنجام دانی تاواندا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوە بووە. بە پێی سەرژمێریە نافەرمیەکان، هەر ئێستا لە ئێران نزیك ٧٠ نەفەر مەحکوم بە ئێعدام، لەو کەسانەن کە لە کاتی تووش بە تاوان تەمەنیان لە ژێر ١٨ ساڵەوە بوون و لەلایەنی مافەوانیەوە بە منداڵ حیساب دەکرێن. سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی دەڵێ: رژیمی ئاخوندی ئەو ئیمتیازەی داوە بە خۆی کە لە ساڵی ١٩٩١وە تا ئێستا زۆرترین منداڵی ئێعدام کردوە. پارلمانی ئوروپا لە بڕیارنامەی خۆیدا هەروەها سەرکوتی تێکۆشەرانی مافی مەدنی یەك لەوان هەڵسووراوانی ژنی مەحکوم کردوە. پارڵمانی ئوروپا نوێنەرانی نوێی مەجلیسی رژیمی ئاخوندیان بانگهێشت کردوە کە هەوڵ بدەن ئێعدام ڕابگرن و لەگەڵ یاسا و پێوانە نێونەتەوەییەکان خۆیان رێك بخەن. بە پێی سەر ژمێری سازمانی لێبوردنی نێونەتەوەیی ٩٠ لە سەدی ئێعدامەکان لە جیهان لە ٥ وەڵات ئەنجام ئەدرێ کە رژیمی ئاخوندی یەك لەوانە. لە ساڵی ٢٠٠٧دا رژیمی ئێران لە بارەی رێژەی ئێعدام لە پلەی دووهەمدایە و دەوڵەتی چینیش لە پلەی یەکەمدایە. بە پێی ڕاپۆرتی سازمانی لێبوردنی نێو نەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە حاڵێکدا کە ڕادەی ئێعدام سەبارەت بە ساڵەکانی ڕابردوو لە سەرانسەری جیهان دا ڕووی لە کەمی کرد بوو، ئێران لەو وەڵاتانە بوو کە ئێعدامی زۆری تێدا بەریوە برا. جیاواز لەوە رژیمی ئێران لە مانگەکانی ڕابردوودا فشاری بۆ سەر تێکۆشەرانی مەدەنی و خوێندکاری زیاتر کردوە. تەنیا لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، چوار کەس لە پارێزەرانی مافی بەرانبەری ژن و پیاو، واتە خانم نەسرین ئەفزەلی، ناهید جەعفەری، زێنەب پێغەمبەرزادە و مەرزیە مەرتازی لەنگرودی، بە زیندان و قامچی مەحکوم بوون. نوێنەررانی پارڵمانی ئوروپا لە کۆتایی بڕیارنامەی خۆیاندا داوایان لە شۆرا و کومسیونی ئوروپا کردوە کە لەمساڵدا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بخەنە ژێرچاو و لە کۆتایی ساڵدا ڕاپۆرتێك لەو بارەوە بدەن بە پارڵمانی ئوروپا.

***

# دژکردەوەی توندی جێگری وەزیری دیفاعی ئەفغانستان سەبارەت بە قسەکانی ئەحمەدی نژاد

جێگری وەزیری دیفاعی ئەفغانستان لە دژ کردەوە سەبارەت بە قسەکانی پاسدار ئەحمەدی نژاد لە بارەی بوونی هێزە دەرەکیەکان لەو وەڵاتە گوتی: قسەکانی ئەحمەدی نژاد دژمنانەیە. ناوبراو قسەکانی ئەحمەدی نژادی بە دەستێوەردان لە کار و باری ئەفغانستان زانی. ئەوە یەکەم دژ کردەوەی توندی لێپرسراوانی نیزامی ئەفغانستانە سەبارەت بە قسەکانی پاسدار ئەحمەدی نژاد کە لەسەرەتای مانگی جۆزەردان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان گوتبووی: ئەبێ چوارچێوەیێکی دیاری کراو بۆ چوونەدەری هێزە دەرەکیەکان دیاری بکرێ. یوسفی نورستانی جێگری وەزیری دیفاعی ئەفغانستان رۆژی شەممە ٣ی جۆزەردان لە پارلمانی ئەو وەڵاتە گوتی: ئەحمەدی نژاد دەیهەوێ لە ئەفغانستان کێشە بۆ ئەمریکا دروست بکات. پاسدار ئەحمەدی نژاد لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (کای ئایدە) نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ئەفغانستان لە تاران گوتبووی: باسی چوونەدەری هێزە دەرەکیەکان بۆ سەقامگیری ئەفغانستان ئەبێ بە جیددی بگیردرێ. قسەکانی ئەحمەدی نژاد و دژ کردەوەی جێگری وەزیری دیفاعی ئەفغانستان، دەرخەری تێکچوونی پێوەندی رژیم و ئەفغانستانە. محەممەد عارف رەحمانی، کارناسی سیاسی لە بارەی دژکردەوەی لێپرسراوانی ئەفغانستان سەبارەت بە قسەکانی پاسدار ئەحمەدی نژاد دەڵێ: ئەو دژ کردەوە دەبێ بە لێپرسراوانی رژیمی ئێران حاڵی بکا. کارناسانی ئەفغانی لەگەڵ پێداگری لە سەر هەڵوێستی جێگری وەزیری دیفاع، لە سەر ئەو باوەڕەن کە نابێ لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی دەست لە کاروباری ئەفغانستان وەربدەن. نەسیر ناسر، کارناسی مەسائیلی سیاسی ئەفغانستان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە هێزە دەرەکیەکان لە ئەفغانستان بە رێکەوتنی شۆرای ئەمنیەتی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بە داوای حکومەتی ئەفغانستان لەو وەڵاتە ماونەتەوە.

ناوبراو دەڵێ: نابێ ئەحمەدی نژاد وەها بۆچوونێکی لەبارەی ئەفغانستانەوە هەبێ، چوونکە ئەفغانستان وەڵاتێکی سەربەخۆیە و هێزەکانی ناتۆ و ئەمریکا بە پێی بڕیارنامەی شۆرای ئەمنیەت لەو وەڵاتەدان تا لەگەڵ ترۆریستەکان موبارەزە بکەن و ئەفغانستان لە دەست دیکتاتۆری رزگار بکەن. قسەکانی پاسداری ئەحمەدی نژاد دەنگدانەوەیێکی زۆری هەبوو لە بڵاوکراوەکانی ئەفغانستان و هەموویان باوەڕیان وابوو کە وەها لێدوانێك بە تەواوی دەستێوەردانە لە کار و باری وەڵاتەکەیان.

***